


# ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا

ناڵە حەسەن
(کەنەدا)



بەو پێیەی چەقی ئیشکردنی ئەدەب (مرۆڤ و بەها مرۆییەکانە..)، بۆیە مرۆڤ لەنێو ئەدەبدا تەعبیر لە ئارەزووەکان و خەونەکان و غەریزەکانی خۆی دەکات، دەتوانێ پێوەندی ناوەوەی خۆی، بە دەرەوە و ئەوانی تر وێنا بکات و ڕێکیان بخات، ئەدەب دەتوانێ قسە لەسەر هەموو ئەم چەمکانە بکات کە پێوەندییان بە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەوە هەیە. مەبەستمە ئەوە بڵێم کە رووبەری ئەدەب بە ئەندازەی ژیان، یان خەون و خەیاڵ بەرین و فراوانە، کە هیچ بازنە و چوارچێوەیەک ناتوانێ بیگرێتەخۆ. بەمانایەک کە ناتوانین و ناکرێت بە هیچ پاساوێک، بە مەبەستی هیچ بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیایەک، ئەدەب لە مانا و تێگەیشتنە گشتییە مرۆییەکەی دابڕێنین، یان بازنەیەکی بە دەوردا بکێشین و ڕووبەرەکەی بچووک بکەینەوە. کاتێک دەڵێین ئەدەبی کرێکاری، یان سۆشیالیستی، لە پشتی ئەم ناولێنانەوە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم دەبینەوە.

دیارە ئەدەبی نەتەوەیی و مەزهەبیش بەهەمان شێوە، مەبەستمە پێ لەسەر ئەم خاڵە دابگرم کاتێک ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم لەگەڵ ئایدیۆلۆژییەکانی تری وەک ناسیۆنالیزم و مەزهەبی، ناتەبا دێتەوە، ئەم ناتەبایی و شەڕە بەردەوامەی نێوان ئایدیۆلۆژییەکان بۆ نێو ڕووبەر و گۆڕەپانی ئەدەب دەگوێزرێنەوە. لێرەدا، ئەدەب بەسەر چەمکە دروستکراوەکانی وەک (ئەدەبی سۆشیالیستی و ناسیۆنالیزمی و مەزهەبی، تەنانەت سەرمایەداریش!) پۆلێن دەکرێن، کەواتە لێرەدا بەوە دەگەین کە ئەدەب لەگەڵ هەموو (ئیزمەکان) ناتەبا دێتەوە، لێرەدا مەبەستمان لە ئیزمی قوتابخانە ئەدەبییەکان نییە وەک سیمبۆلیزم و دادابیزم و سوریالیزم و...تاد، ئێمە مەبەستمان لە ئیزمە ئایدیۆلۆژییەکانە. بۆ نموونە چەمکی جوانی هۆکارێکە بۆ چێژبەخشین، ئایا دەکرێ جوانی نێو ئەدەبی سۆشیالیزمی، خوێنەرانی ناسیۆنالیست و مەزهەبییەکان چێژی لێ نەبینن؟ کە من دڵنیام بە هۆی جیاوازی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژییەکانیانەوە، یەکتری ناخوێننەوە، یان بەقێزەوە یەکتری دەخوێننەوە. لێرەدا دەبینین چ گورزێک لە چەمکی جوانی و لە ئەدەب دەدرێت، یان ئەگەر بە پاساوی ئەدەبی بەرگری و سوود وەرگرتن لە ئەدەب بۆ ڕزگارکردنی چین و میللەتە ژێردەستەکان بێ، لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەلا ڕون بێت کە (ئەدەب ناتوانێ مرۆڤەکان، یان هیچ کام لە چین و کۆمەڵگاکان ڕزگار بکات، یان ئازادییان بۆ دەستەبەر بکات، بەڵام ئەدەب دەتوانێ مرۆڤەکان بخاتە سەر ئەو ڕێگایەی بیر لە ئازادی و ڕزگاربوون بکەنەوە)، ئەمەش ناوەڕۆکی قسەیەکی (سارتر)ە. مەبەستمانە ئەوە بڵێین کە مرۆڤی هەموو چینەکان و نەتەوەکان و ئایینەکان، بۆ بیرکردنەوە لە ئازادی و ڕزگاربوون و بیرکردنەوە لە بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر دەتوانن سوود لە ئەدەب ببینن، یان چێژ لە جوانییەکانی ئەدەب ببینین. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە هەموو (ئیزمە ئایدیۆلۆژییەکان) لە ئەدەب بکەینەوە، ئەدەب بگەڕێنینەوە نێو ڕووبەرە گشتییەکەی و لە بەها مرۆییەکانی کەم نەکەینەوە، چونکە بە بڕوای ئێمە هیچ ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕێک بە تەنیا هەڵگری ڕاستی و حەقیقەتی ڕەها نییە!.

ئۆکتۆبەری ٢٠١٨